# چــەتر

شیعری :حەمەشوان شەریف
یتربی-سوید 20010701

گەردەپرسی لـــەچاوانم
بۆ بـــــارانی بەهەمیشە لێـــــدەباریٚ
درەختی من لەسەرڕێگا
چرۆ چرۆ دەوەرێت و گـوڵ ناگریٚ

من تەمەنم داوەدەست
ئەوکاروانەی لەناوبەفرا ڕێی ووندەبیٚ
وەک پەپوولە لەدوای وەرزیٚ
باڵەکانم لە ناو بادا هەڵئەوەریٚ

تەنیام تەنیا دەستیٚ نیە
گۆمی چاوم بۆسەبوریم بشڵەقێنیٚ
ڕۆحێک نیە بێــبە چەتر
تا دڵی من لەسینەمدا ئارام بنویٚ

کەڕەشەبای دڵی تینووم
بۆ وێرانەی وڵاتێکم ئـــەباتــــەوە
ئەرخەوانی خۆزگەیەکم
لەبناری کوێستانێکدا ئەشکێتەوە

من لەهەتاوێک خۆشنابم
تۆ لەگەرما بسووتێیت و هەڵکەی چەتریٚ
مـــنیش لێرە لە ئەوینی
ســــــاردو سڕا وڵاتەکەم بیٚ هەتاوبیٚ